Kurdocide Watch

CHAK

Çawdêrî Kurdosayd

www.kurdocide.com

Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan

Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

# وەزارەتی دەرەوەی سویسرا بۆ چاودێری کوردۆساید:
# کرداری ئەنفالەکان بە جینۆساید ناسێنراوە

پاش ئەوەی بە هەوڵ و کۆششی کۆمیتەی سویسرای چاودێری کوردۆساید / چاک لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا دۆسیەی هەڵەبجە و ئەنفالمان گەیاندە پەرلەمانی سویسرا، دواتر لە رێکەوتی 25 ی ئەو مانگەدا سەرۆکایەتی پەرلەمانی سویسرا بە نامەی رەسمی وەڵامی داواکارییەکەی ئێمەیان دایەوە، کە لێکۆڵینەوە لە بە جینۆسایدناساندی ئەو کارەساتانە دەکەن، ئەوە بوو نامەکەشمان کاتی خۆی بڵاوکردەوە.
ماوەیەک لەمەوبەریش نامەیەکی ترمان هاوپێچ لەگەڵ کۆمەڵێک سی دی و وێنە و دۆکیۆمێنتی نوسراو بە زمانە زیندوەکان بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتی سویسرا خاتو (میشیلینە کالمی رەی) نارد، کە تێیدا داوامان کردبوو، بە رەسمی پشگیریمان بکەن، بۆ ئەوەی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە و کارەساتی ئەنفالەکان بە گەلکوژی (جینۆساید) بناسرێت، سەرەڕای ئەمەش داوامان لە بەرێزیان کرد، بۆ یارمەتی و پشگیری مافی گەلانی چەوساوە و کەمە نەتەوەییەکان.

وەزارەتی ناوبراو لەرێگەی (مارسل شتوتز) راوێژکاری وەزارەت و بەرپرسی بەشی سیاسی لە وەزارەتی ناوبراو، لە نامەیەکدا لە رێکەوتی 6.7.2010 بە رەسمی وەڵامی داواکەمانیان دایەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی بە کوردی:

Schweizerische Eidgenossenschaft
Confédération suisse
Confederazione Svizzera
Confederaziun svizra

Eidgenössisches Departement für auswärtige Angelegenheiten EDA
**Politische Direktion PD**
Politische Abteilung II, Afrika, Mittlerer Osten

CH-3003 Bern, EDA

**A-Post**
Herr Hiwa Naseh
Auwiesenstrasse 15
8406 Winterthur

**Bern, 6. Juli 2010**

**Betrifft: Petition Kurdocide Watch**

Sehr geehrter Herr Hiwa

Ich danke Ihnen für die Übermittlung der Petition „Zur Anerkennung des Halabja Massaker als Genozid“ zuhanden von Bundesrätin Micheline Calmy-Rey.

In der Tat hat der Bundesrat die Ereignisse von Halabja bereits im März 1988 öffentlich verurteilt und eine Aufklärung gefordert. Die Präsentation von Beweisen und Dokumenten zur Operation Anfal im Gerichtsprozess gegen den früheren irakischen Präsidenten Saddam Hussein, sowie im Rahmen des jüngsten Verfahren gegen Ali Hassan Al-Majid stellten in diesem Sinne einen positiven Schritt zur Aufarbeitung und vollständigen Aufklärung der tragischen Ereignisse dar.

In Bezug auf Ihre Anfrage nach einer formellen Unterstützung der Petition, ist auszuführen, dass die Frage der juristischen Qualifikation einer verbrecherischen Handlung den Justizbehörden obliegt. Der Bundesrat äussert sich deshalb nicht zu dieser Frage. Eine öffentliche Anerkennung eines Ereignisses als Völkermord bezweckt zudem primär, dass die Urheber solcher Verbrechen verfolgt werden können. Im vorliegenden Fall sind die Ereignisse der Operation Anfal vom irakischen Sondergericht Anfang 2010 bereits als Völkermord anerkannt worden und die Täter wurden strafrechtlich verurteilt.

Das EDA setzt sich weltweit für die Einhaltung des humanitären Völkerrechts und der Menschenrechte ein und ich versichere Ihnen, dass dieses Engagement, wie auch der aktive Einsatz des EDA für den Schutz der Minderheiten weitergeführt wird.

Mit freundlichen Grüssen

Politische Abteilung II, Afrika, Mittlerer Osten

Marcel Stutz
Abteilungschef

Politische Direktion PD
Botschafter Marcel Stutz
Politische Abteilung II, Afrika, Mittlerer Osten
Tel. +41 31 322 30 74, Fax +41 31 324 34 81
E-Mail: marcel.stutz@eda.admin.ch
www.eda.admin.ch

بۆ چاودێری کوردۆساید

زۆر سوپاستان دەکەین بۆ نامەکەتان، کە سەبارەت بە ناسینی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە وەک (جینۆساید) بۆ وەزیر (میشیلینە کالمیرەی)تان ناردبوو.
ئێمە لەسەروەختی کارەساتی هەڵەبجە دا ئازاری 1988 راشکاوانە نارەزاییمان دەربریت و داوای لێکۆڵینەوە و رونکردنەوەمان کرد. خستنەڕووی بەڵگەنامەکان لەسەر کردارەکانی ئەنفال لە میانەی پرۆسەی دادگاییکردنی سەرۆکی پێشوی عێراق سەددام حوسێن، هەروەها لە کاتی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنی ئەم دواییەی عەلی حەسەن مەجید، بۆ لێکۆڵینەوە و رونکردنەوەی تەواوی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانە، هەنگاوێکی پۆزەتیڤانە بوو بەم ئاراستەیەدا.

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

**سەبارەت بە داواکارییەکەتان بۆ بەرەسمی پشتگیریکردن لەو بابەتە، وادەردەکەوێت، کە ئەو بابەتە پەیوەندی بە دەستەڵاتی قەزاییەوە هەبێت، بۆیە وەزارەت لێدوانێکی لەسەر نادات. هەڵبەت مەبەست لە بەرەسمی ناسینی هەر کارەساتێکیش بە جینۆساید، بە پلەی یەکەم ئەوەیە، کە لێپێچینەوە و دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنجام بدرێت. لەم دۆسیەیەدا کرداری ئەنفالەکان لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەسەرەتای ساڵی 2010 دا وەک جینۆساید ناسێنرا، تاوانکارەکانی بە پێی یاسای تاوانەکان سزادران.**

**وەزارەتەکەمان (EDA ) لەسەرتاسەری جیهاندا، کاری خۆی بۆ پەیوەستبوون بە مافەکانی گەلان و مافەکانی مرۆڤەوە دەکات، وە ئێمە بەرێزتان دڵنیا دەکەینەوە، کە ئەم کارەمان، هەروەک هەوڵی وەزارەتەکەمان بۆ پاراستنی کەمەنەتەوایەتییەکان چالاکانە بەردەوام دەبێت.**

**لەگەل سلاوی هاورێیانەدا**

**مارسل شتوتز**
**سەرۆکی بەشی سیاسی، ئەفریقا و خۆرهەڵاتی ناوەراست**

چاودێری کوردۆساید-چاك
**کۆمیتەی سویسرا**
**11.7.2010**
www.kurdocide.org

**چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**